https://www.doi.org/10.31918/twejer.2031.5

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی دڵنیایی جۆری لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی سلیمانی

م. کارزان محمد عارف        م. کوردستان محمد ئازاد

Kurdistan.azad@univsul.edu.iq        Karzan.arif@univsul.edu.iq

م. ی. ژینۆ ئومێد صدیق

Zheno.sdeq@univsul.edu.iq

زانکۆی سلێمانی ـ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

**پوختە:**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندنێک بۆ دەرخستنی ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە زانکۆی سلێمانی لە تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆوە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩). توێژەران پشتیان بەستووە بە پرۆگرامی وەسفیی ڕووپێوی. بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە زانکۆی سلێمانی کە بەشێوەیەکی مەبەستدار و هەڕەمەکی نموونەیەکی دیار بۆ توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) کە ژمارەیان (٥٠) مامۆستا بوو، هەروەها دوای گەڕان بە ناو سەرچاوە و توێژینەوەکانی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بە ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی وەک یەکێک لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر توێژینەوەکە، کە لە (٣) بواری جیاواز پێکدێت بواری یەکەم (ئەنجامدانی سیمینارەکان)، بواری دووەم (فیدباکی خوێندکاران بۆ مامۆستایان) و بواری سێیەم (هەگبەی مامۆستایان). کۆی ژمارەی تەوەرەکان بریتین لە (٤١) بڕگە، توێژەران دوای ئامادەکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و دروستی بەپێی ڕای شارەزایان و پسپۆڕان، جێگیرییان بۆ ئامرازەکە دەرهێناوە و شێوازی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەیان بەکارهێنا و بەپێی هاوکێشەی پەیوەندیی (پێرسون) نرخی جێگیریی ئامرازەکە (٠،٨١)یە، دواتر بە بەسەر نموونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە کە مامۆستایان جێبەجێیانکرد، و پاش گەڕاندنەوەی ئامرازەکان و بەتاڵکردنەوە و شیکردنەوە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (**T-test**) ئەنجامی توێژینەوەکەیان خستۆتەڕوو لەگەڵ چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازێک.

**وشە کلیلەکان:** دڵنیایی جۆری، پرۆسەی فێرکردن، مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

## ڕۆڵی دڵنیایی جۆری لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی

### بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

#### ١-١: کێشەی توێژینەوە

هیچ کام لە سەدەکانی پێشوو، هێندەی سەدەی بیست و یەک کاریگەر نەبووە بە پێشکەوتنی زانیاری و خێرایی لە گواستنەوەیدا، هاوشان لەگەڵ گەشەکردنی دانیشتوان و مەعریفەدا، گەشەکردنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە ئەمەش ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە پرۆسەی فێرکردن و شێوازێکی نوێی پێ بەخشیوە لە دامەزراوەکاندا، وای لێکردووە هۆکارێکی بنەڕەتیی پرۆسەی فێرکردن بێت لە سەرجەم قۆناغە جیاوازەکاندا، هەربۆیە دامەزراوە فێرکارییەکان هیچ هەڵبژاردەیەکی بۆ نەماوەتەوە جگە لە هاوشانبوونی گۆڕانکارییە جیهانییەکان و جێبەجێکردنی باشترین کوالێتی لە فێرکردندا. (الشمری ، ٢٠٠٧: ٢)

هەروەها دەبینین لەم سەردەمە و لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا چۆن بەرەوپێشچوونەکان بەخێرایی ڕوودەدەن لەسەر هەردوو ئاستی ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گشت ئەو بابەتانەش دەگەڕێنەوە بۆ بەرپابوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرۆسەی فێرکردن و دروستبوونی کێبڕکێ لە نێوان دەوڵەتان، بەرەوپێشچوونی زانست لە هەر کۆمەڵگەیەک بە مانای پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە دێت، ئەویش بە پلەی یەکەم وەستاوە لەسەر زانکۆکان و دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکاریەکان، لەسەر ئەو بنەمایەش وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە باشی گرنگیی داوە بە زانکۆکان و دامەزراوە فێرکارییەکان، ئەویش لە ڕێگەی دارشتنی

پڕۆگرامی دڵنیایی جۆری، پشتبەست بەو سیستەم و پێوەرەی کە لەلایەن وەزارەتەوە داڕێـــژراوە و پێـــوەری (ISO) ڕێکخـــراوی نێـــودەوڵەتیی پێوەردانـــان بـــۆ ئەو مەبەســـتە، ئەوەش بە ئومێـــدی ئەوەی ببێـــتە هـــۆی باشکردنی دەربڕین و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدان بۆ خولقاندنی متمانەی زیاتر و پێویستیی بازاڕ. (جمهورية العراق، وزاره التعليم العالی والبحث العلمی)

پەرەپێـدانی پرۆســەی دڵنیــایی جــۆری لەنــاو زانکۆکــانی هەرێمــی کوردستان بەشێکی گرنگی ئەو گۆڕانکارییانە دەگرێتەوە کە لە سـەردەمی ئەمڕۆمانـدا هەسـتی پێـدەکەین، پرۆســەی دڵنیــایی جــۆری یەکــێکە لە ستراتیژییە گرنگەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەم پرۆسەیە بە دیاردەیەکی نوێ لەناو ئەزموونی ئەمڕۆی خوێندنی باڵا لە هەرێـم و لە سـەرتاپای عێـراق دەژمێردرێـت، جێبەجێکردنیشـی نـرخ بەو ئاستە بەرزە دەدات و هاوڵاتیی ناو کۆمەڵگە لە ئاستی خوێندن و ڕاهێنان و بەهــای بڕوانامەکــانی زانکــۆ و دەســتەکان دڵنیــا دەکــاتەوە، بنەمــا و پێکهاتەکـانی دڵنیـایی جـۆری لەنـاو سیسـتەمی خوێنـدنی بـاڵا لە هەرێمـی کوردسـتان. ئەم پرۆسـەیە چەند بەرنـامەیەک لەخۆدەگرێت وەک: دڵنیـایی جــۆریی خوێنــدن، زانســتخوازیی بەردەوام پەرەپێــدانی پڕۆگرامەکــان، هەڵسـەنگاندنی هەگبەی مامۆسـتا و مـۆڵەت پێدان و متمانەبەخشـین. ئەم بەرنامانە بەچەند ڕێنماییەک داڕێژراون کە لەگەڵ ئەزموونی خوێندنی بـاڵا لە کوردســـتان بگـــونجێن، و لەگەڵ ســـتاندەردی بەرنامەکـــانی زانکـــۆ پێشەکەوتووەکانی جیهان هاوتابن، ئەم پرۆسەیە هەمیشە لەژێر چاودێری کەســانی پســپۆڕدا جێبەجێــدەکرێت، و ســاڵانەش پێـداچونەوەی لەســەر دەکرێــت، بابەتەکــانی نــاو ئەم بەرنامــانە هەمیشــە، بەپێــی پێویســت و بەمەبەستی بەرەوپێشـچوون لە گۆڕانکاریـدا دەبێت و پێداچوونەوەی بـۆ دەکرێت.

لەپرۆسەی دڵنیایی جۆریی خوێندندا ماف و ئەرکی خوێندکار لەناو زانکۆکاندا دەسنیشاندەکرێت، ئەرکی زیاتر بە مامۆستای وانەبێژ دەدرێت بۆ پەیڕەوکردنی بە شێوەیەکی بەردەوام تا دەبێتە مایەی دروستبوونی هەماهەنگییەکی زانستی لە نێوان خوێندکار و مامۆستای وانەبێژدا، جێبەجێکردن و ئەنجامدانی پرۆسەی دڵنیایی جۆریی خوێندن و ڕاهێنان، وەڵامی گشت پرسیارە گرەنگەکان دەداتەوە، لەوانە: دڵنیاکردنەوەی زانکۆکان لە ئاستی کوالێتیی ئەو بڕوانامەیەی کە بەخوێندکاری دەدات، دڵنیاکردنەوە لە جۆریی خوێندن و وتنەوەی وانەکان، پشتگیریکردنی خوێندکار لە کاتی وەرگرتنی کۆرسەکانیان و پاراستنی مافیان، دڵنیاکردنەوەی خوێندکار لەو بڕوانامەیەی کە پێی دەبەخشرێت، دڵنیاکردنەوەی بازاڕی کار لە ئاستی هونەری و زانستیی کادیرانی پیشەیی، ڕاپۆرت نووسین، پێداچوونەوە و بەدواداچوون، چاودێریکرن، فایل هەڵگرتن، بڕیاردان، هەندێ جار لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی وانەکان و جۆری وتنەوەیان، بە گشتی کارکردن لەسەر دڵنیایی جۆریی خاڵە لاواز و پتەوەکانی ناو دەزگاکانی خوێندن (زانکۆکان) نیشاندەدات، کە دواتر دەتوانرێت لەسەر ئەو بنەمایە بەرزڕاگرتنی ئاستی زانست دابڕێژرێت.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی کە باسکران و ئەو گرنگیپێدانەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژەران هەوڵیانداوە لە ئەنجامی توێژینەوەکەیاندا وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دەستبکەوێت:

١. ئایا دڵنیایی جۆری چ ڕۆڵێکی هەیە لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لەناو زانکۆی سلێمانی؟

٢. ئایا جیاوازیی بۆچوونی نێوان مامۆستایانی زانکۆ لە ڕەگەزی (مێ) و هەروەها لە ڕەگەزی (نێر) هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆسەکە؟

### ١-٢: گرنگیی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەک گرنگیی خۆی هەیە کە هزری توێژەران بەلای خۆیدا دەبات، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە: باس لە ڕۆڵی دڵنیایی جۆری لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە زانکۆی سلێمانی دەکات، بۆیە دەتوانین گرنگییەکەی لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

١-٢-١: بەپێی زانیاریی توێژەران یەکەمجارە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی ئەنجام بدرێت لەسەر ڕۆڵ و گرنگیی پرۆسەی دڵنیایی جۆری وەک بابەتێکی نوێ و سەردەمییانە لە پرۆسەی فێرکردن لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی و خستنەڕووی پێشنیازی پێوست، بۆ باشترکردن و چالاککردنی پرۆسەکە بۆ ئەوەی ئیتر ئەم پرۆسەیە زیاتر بە توێژینەوەی زانستی تاوتوێ بکرێ دوور لە ڕای تاک.

١-٢-٢: هاوشانی ئەو ڕابوون و هەستانەوەیە کە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی گرتۆتەوە لە هەرێمی کوردستان.

١-٢-٣: بەشێکە لەو کارانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان هەوڵی بۆ دەدات، لە هەڵسەنگاندنی گشتگیر و بەردەوام بۆ سیستەمی خوێندنی ئەکادیمی بەگشتی، ئەم توێژینەوەیە ئاستی شیاوی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بۆ وەزارەت ئاشکرا دەکات لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانکۆوە، لە ڕێگەی خستنەڕووی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیەوە، ئەمە سەرەڕای پێشنیاز بۆ چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان.

١-٢-٤: گرنگە بۆ مامۆستایانی زانکۆ تا لە بایەخ و پێویست بوونی پرۆسەکە ئاگاداربن و هاوکار بن لە سەرخستن و بەهەند وەرگرتنی دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.

١-٢-٥: سودبەخشە بۆ بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی دڵنیایی جۆری لە زانکـۆ و کۆلێژەکـانی زانکـۆی سـلێمانی وەک سـەرچاوەیەکی زانسـتیی بەردەست بۆ ئاگاداربوونیان لە ڕەوشی ئەم پرۆسەیە.

**١-٣: ئامانجی توێژینەوە**

**ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە بە ئامانجی:**

١-٣-١: دەرخسـتنی ڕۆڵـی پرۆسـەی دڵنیـایی جـۆری لە گەشـەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە زانکۆی سلێمانی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، بەپێی تەوەرەکان.

١-٣-٢: زانینی وەڵامەکانی مامۆستایانی زانکۆ لەسەر ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری، بەپێی جیاوازی ڕەگەز (نێر و مێ).

**١-٤: سنووری توێژینەوە**

**سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە:**

**١-٤-١: سنووری جوگرافی: زانکۆی سلێمانی.**

**١-٤-٢: سنووری بابەتی: ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە گەشـەپێدانی پرۆسەی فێرکردن.**

**١-٤-٣: سنووری مرۆیی: مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی.**

**١-٤-٤: سنووری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩).**

**١-٥: پێناسەی زاراوەکان:**

**١-٥-١: ڕۆڵ:**

جۆره ڕەفتارێکە کە چاوەڕێ دەکرێت تاکێک لە گروپێک یان لە دۆخێکی دیاریکراودا ئەنجامی بدات، ڕۆڵەکان ئەو بابەتانەن کە تاکەکەس لەژێر ڕۆشنایی کلتووریی کۆمەڵگەکەی خۆیدا ئەنجامی دەدات. (فهمی، ٢٠٠٧: ٢٥)

ئەو ڕەفتارەیە کە تاک جێبەجێی دەکات لە ئەنجامی سەرقاڵبوونی لە پێگەیەکی دیاریکراو لەپێناو بەدیهێنانی گۆڕانکاری. (أبو عسكر، ٢٠٠٩: ١٠)

کاریگەری هەیە لەسەر بونیادنان و گەشەپێدانی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە بە بەخشینی مەعریفەی زانستی لە زانکۆکاندا، هەروەها ڕۆڵ بووە بە فەلسەفەیەک کە جەماوەرێکی زۆر لە هەموو جیهان باوەڕیان پێیەتی و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پیادەی دەکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری کەسایەتیی نەوەی نوێ هەیە. (میران، ٢٠١٢: ١٢)

**توێژەران:** نمایشێکی ڕەفتارییە لە بوارێکی دیاریکراودا (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری یان پەروەردەیی... هتد) کە تاک ئەنجامی دەدات، لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکدا کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری بە ئاراستەیەکی باش و ئەرێنی.

### ١-٥-٢: دڵنیایی جۆری:

کۆمەڵێک پێوەر و تایبەتمەندییە کە جێبەجێ دەکرێت لە کرداری پرۆسەی فێرکردن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی یەکە فێرکارییەکان بە یارمەتیی ئەو کەسانەی بەشدارن لە سیستمەکەدا.

بریتییە لە پرۆسەی بە بەڵگەکردن و ڕێکخستنی پرۆگرامەکان، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن و باشترکردنی ئاستی خوێندکار لە ڕووی ژیری و دەروونی و جەستەیی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەوە. (یونس وزیاد، ٢٠٠٩: ٤)

**توێژەران**: پرۆسەی دڵنیای جۆری بریتییە لە کردارێکی ڕێکخراو و چەند چالاکییەکی بەردەوام بە ئامانجی (پلاندانان و چاودێریکردن و بەدواداچون و ڕاپۆرت نووسین و جێبەجێکردن) بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن لەگەڵ ئامانجەکانی بگونجێن.

**١-٥-٣: پرۆسەی فێرکردن**

بریتییە لە گۆڕانکاریکردن لە ڕەفتار، ئەویش لە ڕێگەی شارەزایی و ڕاهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لەخۆدەگرێت، تاک لە هەوڵ و تێکۆشان دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەزوو ئارەزوو و ئامانجەکانی. (قەرەچەتانی:٢٠١٣: ١٧)

کرداری کارلێکردنی نێوان مامۆستا و فێرخوازانە لەناو پۆلی خوێندن یان لە هۆڵی خوێندن و تاقیگەکان، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان. (محمد و محمد، ١٩٩١: ١٤)

**توێژەران**: بریتییە لە سەرجەم ئەو چالاکی و شارەزایی و زانیارییانەی کە ئەنجام دەدرێت لە خوێندنگا بنەڕەتییەکان وەک وانەوتنەوە، هۆیەکانی فێرکردن، ژینگەی پۆل، بابەتی خوێندن، لێهاتووییەکانی مامۆستا، سەرجەمیان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری فێرخوازان و پەرەپێدانی سەرجەم لایەنەکان.

**١-٥-٤: زانکۆ**

دامەزراوەیەکی زانستی و ئەکادیمیی ناو کۆمەڵگایە، ڕۆڵ و کاریگەریی بەرهەمهێنانی زانست و مەعریفەی زانستییە، بە شێوەیەکی میتۆدی و ئەکادیمی توێژینەوە لە کایە و بابەت و پرسەکانی کۆمەڵگا دەکات، و بەپێی سیستەمێکی تایبەت کار دەکات و دابەش بووەتە سەر چەندین لقی زانستی و پسپۆڕی جیاجیا، دونیا پەیوەست دارەکەی لەلایەن

چەند کارەکتەرێکی سەرەکییەوە بەڕێوەدەچێت کە هەریەکێکیان ڕۆڵ و کاریگەریی تایبەت بەخۆی هەیە. (عبدالله، ٢٠٠٦: ٢٩٥)

**توێژەران:** ئەو ناوەندە زانستییە ڕۆشنبیرییەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە ئاڕاستەی زانست و ڕۆشنبیری دەکات بەڕووی جیهانی دەرەوەدا و گۆڕانکاری لە ڕەفتاری خوێندکاراندا لە ڕووی دیالۆگ و ئەتەکێت و شارستانیبوونەوە، تاکی بیرمەند و ڕووناکبیر لە ڕووی هزری و ئایدیاوە بە کۆمەڵگە دەبەخشێت و ناسنامەی مرۆڤایەتیبوونی پێدەدات.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری

### ٢-١: دڵنیایی جۆری و گرنگییەکەی

لە ماوەی دە ساڵی ڕابردودا شێوازی وانەوتنەوە و فێرکردن بووە بە یەکێک لە دۆزە ستراتیجییە سەرەکییەکان لە بواری خوێندنی باڵا لە سەرانسەری دونیادا. (Seyfried& Pohlen, 2018: 9)

ئیشکردن و بەدواداچوون لە بواری دڵنیایی جۆری لە خوێندنی باڵادا دەرفەتێکی باشمان بۆ دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی چاوێک بە وڵات و هەرێمدا بخشێنینەوە و هەوڵ بدەین، ئەوە شیبکەینەوە کە چ ڕێباز و پڕۆگرامێک گونجاوە و کاردەکات بە سەرکەوتوویی و کامەیان شکستی هێناوە. لە هەمووی گرنگتر بە پشتبەستن بە توێژینەوەکان و شیکردنەوەیان دەتوانین بزانین کە دڵنیایی جۆری توانیویەتی ببێتە هۆی باشترکردنی جۆریتی لە خوێندنی باڵادا. ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە پێویستە لە نزیکەوە بزانین چۆن توانراوە ئەمە بەدەست بهێنرێت، بەڵام ئەگەر وەڵامەکەی ئەرێنی نەبوو، دەبێت هەوڵ بدەین لە کەموکورتییەکانی ئەوانەوە فێر بین و ڕێگری بکەین لە دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵە. ( Matei, Iwinska,2016: 6)

کەواتە گـۆڕینی مەنـهەج و میتـۆدی خوێنـدن بەر لەوەی پـڕۆژەیەک بێت، پرۆسەیەکە کە زەمینە و کات و توانای پێویست و نەفەسی درێژ و ئیرادەیەکی تەواوی گەرەکە (سیوەیلی، ٢٠١٦: ١١)

زانکۆ و دەسـتەکان لە هەرێمـی کوردسـتاندا بـریتین لە کۆمەڵگـایەکی تـێکەڵ لە خوێنـدکار، مامۆسـتا و کارمەنـد، کە هەر هەموویـان بە تێکڕایـی دەبێت پابەند بن بە پێشکەشکردنی زانست لە ئاسـتێکی بەرزدا و لە گشـت بوارەکانـدا. دڵنیـایی جـۆریی فێرکـردن بـریتییە لە چەنـد چـالاکییەک کە وەڵامی گشت پرسیارە گرنگەکان دەداتەوە، لەوانە:

٢-١-١: دڵنیاکردنەوەی زانکۆ/ دەسـتەکان لە پێدانی ئەو بڕوانامەیەی کە دەیدات بە خوێندکار.

٢-١-٢: دڵنیاییدان لە جۆری خوێندن و گوتنەوەی وانەکان.

٢-١-٣: پشگیریکردنی خوێندکار لە کاتی وەرگرتنی کۆرسەکانیان.

کـارکردن لەسـەر دڵنیـایی جـۆریی خـاڵە لاواز و پتەوەکـانی نـاو زانکۆ/دەسـتەکان نیشـان دەدات، کە دواتـر دەتـوانن لەسـەر ئەو بنەمایـانە بەرز ڕاگرتنی ئاستی زانستی دابڕێژن.

**٢-٢: پێشـکەوتنی کۆمەڵگاکـان دەسـت پێـدەکات لە پێشـکەوتنی مامۆستاکانیەوە:**

لێرەوە بۆمـان دەردەکەوێت گرنگیدان بە جـۆرێتی بـریتییە لە کلیلـی سـەرکەوتنی دەوڵەتـان و بەرەو پـێش بردنیـان بـۆ ئاسـتی دەوڵەتە پێشـکەوتووەکان. جـۆرێتی بە واتـای سـەرکەوتن و قبـووڵ کردنـی گۆڕانکارییەکـان و بەرهەڵسـتیکردنی هەمـوو ئەو هێـزانەی نایانەوێـت گۆڕانکـاری ڕووبـدات، کە ئەمە هەوڵ و مانـدووبوونێکی زۆری دەوێت و

نابێت بێ هیوایی ڕووومان تێبکات. ئەمە زۆر گرنگە بە تایبەتی بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم بۆ سەلماندنی تواناکانمان و ئامادەباشیمان بۆ بەرەوپێشچوونی زانستی و کلتووری. (برهمین، ٢٠١٢: ئینتەرنێت)

هەر لەبەرئەوەی کە دەوترێت خوێندن کلیلی هەموو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان، دەرفەتە ئابوورییەکان، خۆش گوزەرانییەکان و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگایە. کەواتە گۆڕانکاری و گەشەسەندن لە بواری خوێندنی باڵادا بابەتێک بوو سەرنجی زۆر لە وڵاتانی ڕاکێشا لە سەرانسەری دنیادا بە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشەوە. چاکسازی لە خوێندن، پێشخستنی ئەمەریکییەکانی بە تەواوی سەرقاڵ کردبوو بە تایبەت دوای بڵاوکردنەوەی بابەتێک لەژێر ناونیشانی (وڵات لەژێر مەترسیدا). تەنانەت لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیادا چاکسازی لە کەرتی خوێندندا ئەکرێت بە بانگەشەی هەڵبژاردنی حیزبەکان و لە ئەڵمانیا و یابانیش بەهەمان شێوەیە.

کەواتە بێگومان ئێمەش ئەبێت ئیشی لەسەر بکەین و بایەخی تەواوی پێبدەین لە ڕووی:

٢-٢-١: پێشخستن و چاکسازیکردن لە دەستەی وانەبێژان لە ڕووی زانیاری و لێهاتووییەوە.

٢-٢-٢: چاکسازیکردن لە مەنهەجی خوێندن، بە جۆرێک لەگەڵ زانیارییەکانی سەردەمدا بگونجێت.

٢-٢-٣: هاندانی خوێندکاران بۆ گونجاندنیان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی زانیاری و تواناوە.

تیشک خستنەسەر جۆرێتی لە خوێندندا یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی گۆڕانکاری لە خوێندندا (مجید: ٢٠١٢: ئینتەرنێت)

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکەین کاتژمێرەکانی خوێندنە کە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا هەر مامۆستایەک بە لایەنی کەمەوە پێویستە (٥٠) کاتژمێر تەرخان بکات بۆ فێربوون لە ڕێگەی ئامادەبوون یان پێشکەشکردنی سیمینار، بەشداریکردن لە کۆنفرانسی زانستی، پێشکەشکردن و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە زانستییەکاندا و هەروەها بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی. لێرەوە دەرئەکەوێت کە بەرپرسیاریێتی و ئەرکی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بچووک ناکرێتەوە تەنها لە بڵاوکردنەوەی سیمیناردا بەڵکو پێویستە پشتگیرییەکی مادی بەهێز هەبێت بۆ پێشخستنی دەستەی وانەوتنەوە و هاندانیان بۆ وۆرکشۆپ و کۆرسی جۆراوجۆر. (الربیعی،٢٠١١: ئینتەرنێت)

## ٢-٣: فیدباکی خوێندکاران:

بەشێکی تر لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری بریتییە لە فیدباکی خوێندکاران، وەک ئەوترێت فیدباکی گونجاو و کاریگەر دەتوانێت زانیاری بدات بە مامۆستا لەبارەی شێوازی وانەوتنەوەکەی، کەواتە فیدباک تەنها بۆ بەرژەوەندیی خوێندکار نییە بەڵکو مامۆستا ئاگادار ئەکاتەوە بۆ پێشخستن و گۆڕانکاری کردن لە شێوازی وانەوتنەوە ئەگەر پێویست بوو. پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەکرێ کاریگەری هەبێت لەسەر هەڵسەنگێنەر (خوێندکار) و ئەو کەسەی هەڵسەنگاندنکەی بۆ کراوە. لێرەوە مامۆستا دەتوانێت بەگوێرەی هەڵسەنگاندنەکان گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات، ئەمەش بە ئامانجی دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێربوون. (بەشیر و ئەوانی تر، ٢٠١٦: ٣٩)

لەنێوان خوێندکاران و ئەکادیمییەکاندا فیدباک تێڕوانینی جیاوازی بۆ ئەکرێت، بەڵام زۆرینەی خوێندکاران بە پەرۆشن لەبارەی ئەم

هەڵسـەنگاندنە، لێـرەوە پێمـان دەڵـێن پێویسـتە گۆڕانکـاری لە شـێوازی وانەوتنەوەمانـدا بکەیـن یـان باشـتری بکەیـن، یەکێک لە کاریگەرییەکـانی ئەوەیە کە دووپاتی دەکاتەوە چی باشمان کردوە و پێشنیازەکان بە هەند وەربگـرین بـۆ باشـتر کردنـی کارەکـانی داهاتوومـان. ( Gibbs & Simpson, 2004)

**٢-٤: پرۆسەی فێرکردن**

تێگەیشتن لە سیستەمی فێرکاری لە ڕێی تێگەیشتنی چەمکەکانیەوەیە، سیسـتەمی فێرکـاری بەرپرسـیارێتییەکە لە ئەسـتۆی سـەرجەم ئەو کەسانەدایە کە لە پرۆسەی سیستەمی پەروەردە کاردەکەن هەر لە خودی مامۆستاوە تا پلە و پۆستەکانی تر، بەڵام مامۆستایان یەکەمین کەسی بەرپرسن و گرانترین ئەرکیان لەسەرە هەر لە هزری پەروەردەییەوە تا دەگاتە فەلسەفەی پەروەردەیی و ئەڵقەکانی تری ئەو زنجیرەیە، بۆیە دەبێت مامۆستایان خۆیان زۆر بە وردی لە چەمکەکان، فەرمانەکان و ئەرکەکان تێبگەن، شێوازەکانی وانەوتنەوە و گەیاندن و هەڵسەنگاندن و بەراوردی تواناکان و ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی و فێرکردن بزانێت، دەبێت تەواو شارەزایی هەبێت لەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە. (ئالانی، ٢٠١٥: ٣٢٩)

فێربـوون چـالاکییەکی خـودییە و فێرخـواز بـۆ ئەوەی فێـری وەڵامـدانەوەی پێویسـت بێـت و خـۆی لەگەڵ ژیـنگەکەدا بسـازێنێت بە ئەنجـامی دەگەیەنێـت، بەمەش هەر خـۆی ڕۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت لە پرۆسـەکەدا، ڕۆڵـی پەروەردە و فێرکـردنیش ئەوەیە کە هەوڵ بـدرێت لە ڕێـگەی شـێواز و ڕێگاکـانی وانەوتـنەوە و پرۆگـرام و ئـامرازە جۆربەجۆرەکـانی تـرەوە گۆڕانکـاری لە ڕەفتـاری فێرخـوازدا بکرێـت، فێربوون وەک پرۆسـەی عەقڵی لە ڕێگەی شوێنەوارەکانیەوە هەست بە ڕوودان و کاریگەرییەکـانی دەکرێـت، کە دەبێـتە هـۆی گۆڕانکـاری و

چاککردنی ڕەفتاری تاک، ئەو گۆڕانکارییەش لایەنی هەڵچوون و ویژدانی بێت یان لایەنی عەقڵی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی، گرنگ ئەوەیە لە کۆتاییدا ببێتە خوو و بەشێک لە ڕەفتار و کەسیەتیی مرۆڤ. فێربوون پرۆسەیەکی بەردەوامە، کە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە مرۆڤ خوی پێوە دەگرێت و ڕۆژانە دەکرێت فێری شتی نوێ بێت تا دواساتەکانی ژیانی، هەندێ زانیاری بەهۆی لەبەرکردن و هەندێکی تر بەهۆی پڕاکتیزەکردن و پیادە کردنەوە تاک فێرییان دەبێت، واتە تەنها ئەوە نییە کە لە خوێندنگە فێریان دەبێت، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییانەش دەگرێتەوە، کە تاک لە ڕێگەی سەرنجدان و لاساییکردنەوە و هەوڵدان و هەڵەکردن و ڕاگەیاندنەوە فێریان دەبێت و مەعریفە و زانیاری و کارامەیی زیاد دەبێت و گۆڕانکاری لە کەسایەتی و باری دەروونییاندا ڕوودەدات. (رسول، ٢٠١٤: ١٤-١٥)

ستراتیجیەتی فێرکردن بریتییە لەو نەخشە ڕێگایەی لە لایەن مامۆستایان دادەڕێژرێت، بەمەبەستی فێرکردنی فێرخوازان، بەپێی ئامانج و پلانی دیاریکراو بەکەمترین تێچوون و ماوە لە ڕووی خەرجی و کاتدا، بەڵام فێرکردن پرۆسەیەکی دەرەکییە، لەلایەن کەسانی پسپۆڕ بەمەبەستی فێرکردنی کەسێک یان گرووپێک ئەنجام دەدرێت. پرۆسەی فێرکردن لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕ و کارامە، بەپێی پلان و ئامانجی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. هەڵبەتە مامۆستایان لەکاتی وانەوتنەوە بە ڕێگا و شێوازە جیاوازەکان، ستراتیجیی تایبەت و گونجاو بە بابەت و قۆناغەکانی تەمەن و خوێندن دادەنێن بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکان. (حەمەدمین، ٢٠١٥: ٤٤)

مامۆستا ڕۆڵی کارای لە پرۆسەی فێرکردندا هەیە، لەبەرئەوەی پایەی دووەمی پرۆسەکەیە لەدوای فێرخواز دێت، مامۆستا چالاکیی جۆراوجۆری لە پرۆسەکەدا هەیە، هەموو چالاکییەکانی لەیەک ئامانجدا

یەک دەگرنەوە، کە پێگەیاندنی کەسایەتیی تاکە لەسەر بنەمای پرۆسەی ڕاست و دروستی زانستی و ئەکادیمی بۆ ئەوەی تاک بتوانێت لەگەڵ گۆڕانکاری و پێداویستییەکانی سەردەم هەڵبکات و گەشەبکات. (قادر، ٢٠١٦: ٥٣)

هەرچەندە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا ئامانج و مەبەستی سەرەکی فێرخوازە، بەڵام مامۆستا وەک فاکتەرێک گرنگیی خۆی هەیە لە پرۆسەکەدا، کاریگەریی سەرکەوتنی مامۆستا پەیوەستە بە خەسڵەت و خاسیەتەکانی، واتە مامۆستا لە لایەنی زیرەکی و هەڵچوونی کۆمەڵایەتی و جەستەییەوە ئامادەکرابێت و توانای فێرکرن و تێگەیاندنی فێرخوازانی هەبێت و شارەزایی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و تیۆر و شێوەکانی فێرکردن و فێربوون ببێت و توانای بەکارهێنانی چەندین ئامرازی ڕوونکردنەوەی هەبێت. (قەرەچەتانی، ٢٠١٣: ١٣)

چەمکی فێربوون زیاتر وابەستەی ئەو زانیانەیە کە ئاڕاستەی ڕەفتاریان هەڵبژاردووە، فێربوون بەپێی ئەم ئاڕاستەیە وەها پێناسە دەکرێت کە (گۆڕاوێکی بەرچاوە لە ڕەفتاردا بەهۆی پیادەکاری بە ڕێژە جێگیر) جا بۆ ئەوەی فێربوون وەک خۆی مانا وەربگرێت دەبێت لەسەر شێوەی ڕەفتارێک بە دیاربکەوێت، بتوانرێت تێبینی بکرێت و پلەیەکی جێگیربوونی هەبێت. (سعدی، ٢٠١٣: ٢٣٤)

پرۆسەی خوێندن لەناو زانکۆ پرۆسەیەکی چڕە لە کۆمەڵێک چالاکیی جیاواز پێکدێت لەپێناو بەرزکردنەوەی لایەنی ئەکادیمی، پێویستی بە توانای زۆر، سەبر و هێمنی هەیە لەبەرئەوەی خودی پرۆسەکە ئاڵوز و هەمەلایەنەیە، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو ئامانجەی دانراوە بۆ پرۆسەکە پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، تاکو بزانرێت پرۆسەکە چالاک و کارابووە. (الجبوری، ٢٠٠٩: ٣)

## بەشی سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوە

لەم بەشەدا باس لەو هەنگاوانە دەکەین کە توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە گرتوویانەتەبەر، لە بەکارهێنانی پڕۆگرامی توێژینەوە و کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە و چۆنیەتیی دروستکردنی ئامرازەکە و دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری و جێبەجێکردنی توێژینەوەکە لەسەر نموونەی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکە.

### ٣-١: پڕۆگرامی توێژینەوە:

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیان پڕۆگرامی وەسفیی چەندێتی بەکارهێنراوە بۆ زانینی ڕۆڵی دڵنیایی جۆری لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە زانکۆی سلێمانی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە کە پڕۆگرامێکی گونجاوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە.

### ٣-٢: کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی و یاریدەدەرەکانیان کە ژمارەیان (١٨٩٨) مامۆستایە، (٨٤) پرۆفیسۆر و (٢٦٢) پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (٥٩٨) مامۆستا و (٩٥٤) مامۆستای یاریدەدەر، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩)، خشتەی (٣-١):

خشتەی (٣-١)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە بە پێی ژمارەو جیاوازی ڕەگەز، نێر ومێ.

| ژمارەی مامۆستایان | پرۆفیسۆر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | مامۆستا | مامۆستای یاریدەدەر |
|---|---|---|---|---|
| ١٨٩٨ | ٨٤ | ٢٦٢ | ٥٩٨ | ٩٥٤ |

### ٣-٣: نمونەی توێژینەوەکە:

نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە پێکـــدێت لە (٥٠) مامۆســـتا لە کۆلێژەکـــانی زانکۆی سلێمانی کە بە شێوەی هەڕەمەکی هێشوویی هەڵبژێردران، (٢٧) مامۆســـتا لە ڕەگەزی نێـــر، (٢٣) مامۆســـتا لە ڕەگەزی مـــێ، بە تێکـــڕا ژمارەیان دەکاتە (٥٠) مامۆستا. خشتەی (٣-٢)

خشتەی (٣-٢)

نمونەی توێژینەوەکە بەپێی کۆلێج وپلەی زانستی ورەگەز روون دەکاتەوە.

| کۆلێج | ژمارە | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| پەروەردەی بنەڕەتی | ١٥ | ٨ | ٦ |
| ئەندازیاری | ١٠ | ٨ | ٥ |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | ١٢ | ٦ | ٨ |
| کشتوکاڵ | ١٣ | ٥ | ٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٢٧ | ٢٣ |

### ٣-٤: ئامرازی توێژینەوەکە:

تـوێژەران بەمەبەسـتی ئامـادەکردنی ئـامرازی توێژینەوەکەیـان وەک بەشێک لە پێویستیی دەستەبەرکردنی ئامـانجی توێژینەوەکە، دوای گەڕان و پشکنین بەناو سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشووی نزیک لە بابەتی توێژینەوەکەیـان، پـاش وەرگرتنـی ڕای شـارەزایان ڕاپرسـییێکی کراوەیـان دروستکرد و بە شێوەی سەرەتایی دابەشیان کرد بەسەر (٢٠) مامۆستای پســپۆڕ و شــارەزا لە پەروەردە و دەروونزانــی، دوای وەڵامــدانەوەیان و شـیکردنەوەی ڕاپرسـییەکە بە سـوودوەرگرتن لە چەنـد تـوێژینەوەیەکی پێشـتر، ڕاپرسـییێکی داخراویـان لێدروست کـرا کە (٤٤) بـڕگە بـوو لە سـێ بواری جیاوازدا ئەوانیش:

١- ئامادەبوون و ئەنجامدانی سیمینار و وۆرکشۆپەکان.

٢- هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی فیدباکی خوێندکاران بۆ مامۆستایان.

٣- دروستکردن و ئامادەکرنی هەگبەی مامۆستایان.

### ٣-٤-١: ڕاستی (صدق):

یەکێک لە مەرجەکانی بڕگەکانی ڕاپرسی ئەوەیە ڕاستی و دروستی بۆ بکرێت. توێژەران دوای ئامادەکردنی ڕاپرسییە داخراوەکە و بڕگەکانی بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی، ڕواڵەتی دابەشیان کرد بەسەر ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی کە ژمارەیان (٧) پسپۆڕ بوون لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی، دوای گەڕاندنەوەی بڕگەکان شارەزایان بە زۆرینە بڕگەکانی ڕاپرسییەکەیان پەسەند کرد بە ڕێژەی (٨٠%) ئەمە لە کاتێکدا (ئیبل) دەڵێت: باشترین هۆکار بۆ دڵنیابوون لە دروستیی هەر بڕگەیەک کە شارەزایان پەسەندیان کردبێت، ئەوەیە کە ئەگەر ڕێژەی ڕێکەوتن (٧٥%) بێت، ئەوا دروستە. (Eble, 1972: 447)

دوای لابردنی چەند بڕگەیەک و چاککردنی هەندێک لە بڕگەکان (٤١) بڕگە بە شێوەی کۆتایی مایەوە، بۆ هەر بڕگەیەک پێنج جێگرەوە دانران (بەبەردەوامی، زۆرجار، هەندێکجار، کەم و زۆر بەکەمی) بۆ ئەم مەبەستەش هێمای (/) بۆ هەر بڕگەیەک دادەنرێت.

### ٣-٤-٢: جێگیریی ئامراز (ثبات):

مانای جێگیری ئەوەیە کە دوای ئەوەی چەند جارێک ئەو تێستە دووبارە و پراکتیزە بکرێتەوە لەسەر هەمان نموونەی توێژینەوەکە، ئەوا دەبێت هەمان دەرئەنجاممان پێبدات یانیش دەبێت دەرئەنجامەکان لە یەک

نـزيكبن. (الغريـب، ١٩٧٧: ٦٥٣) هەروەهـا جێگیـری واتە هاوشـێوەبوونێک هەبێت لە تاقیکردنەوەکان ئەگەر هـاتوو دووبـارە کرایەوە لەسـەر هەمـان کەسـەکان، تـوێژەران لە ڕێـگەی دووبـارەکردنەوەی ئـامرازەکە لەسـەر نمـوونەیەک لە دەرەوەی نمـوونە ئەسـڵیەکە، کە ژمارەیـان (١٠) مامۆسـتا بوو و ماوەی دوو هەفتە لەنێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەمدا هەبوو، پـاش بەراوردکردنـی وەڵامەکـان و بەکارهێنـانی هـاوکۆلکەی پەیوەنـدیی (پێرسـون) دەرکەوت پەیوەنـدی هەیە لە وەڵامەکـانی مامۆسـتایان بە ڕێژەی (٠،٨١).

**٣-٥: جێبەجێکردنی ئامرازەکە:**

تـوێژەران دوای دڵنیـابوون لە ڕاسـتی و جێگیـری ئـامرازی توێژینەوەکەیان، ئامرازەکەیـان بەسـەر نمـوونەی ئەسڵی توێژینەوەکەیاندا جێبەجێکـرد، لە مامۆسـتایانی زانکـۆی سـلێمانی کە مـاوەی (١٢) ڕۆژی خایاند، واتە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/١٥) تا (٢٠١٩/٢/٢٧).

**٣-٦: هاوکێشەی ئاماری:**

ئەم ئامرازە ئامارییانە بەکارهێنراون لە توێژینەوەکەدا.

**٣-٦-١: هاوکێشـەی کۆپەر، نسـبة الإتفـاق (Copper)** بەکاردێت بۆ دەرهێنانی ڕاستیی بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە.

$$\text{یاسای کۆپەر} = \frac{\text{ژمارەی ڕێکەوتن} - \text{ژمارەی ڕێکنەکەوتن}}{\text{کۆی گشتی}} \times 100 \quad \text{(البهزی، ٨٢، ١٩٨٩)}$$

**٣-٦-٢: هاوكێشـــەی پێرســـۆن ( Pearson correlation coefficient)** بـۆ دەرهێنـانی ڕێژەی نەگـۆڕی ئـامرازەكە بەم شـێوەیەی خوارەوە:

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{[\text{ن مج س}^{٢} - (\text{مج س})^{٢}]\,[\text{ن مج ص}^{٢} - (\text{مج ص})^{٢}]}}$$

(الجادری، ٢٠٠٧: ٢٨٨)

**٣-٦-٣: تـاقیكردنەوەی تـائی (T. Test) بـۆ دەرخســتنی جیـاوازیی وەڵامەكان بەپێی ڕەگەز:**

$$\text{ت}_{(\text{ن}١+\text{ن}٢-٢)} = \frac{(\bar{\text{س}}_{١} - \bar{\text{س}}_{٢})}{\sqrt{\dfrac{(\text{ن}١-١)\,\text{ع}_{١}^{٢} + (\text{ن}٢-١)\,\text{ع}_{٢}^{٢}}{(\text{ن}١+\text{ن}٢-٢)}\left(\dfrac{١}{\text{ن}١} + \dfrac{١}{\text{ن}٢}\right)}}$$

(البیاتي و أثناسیوس، ١٩٧٧: ٢٦٠)

**٣-٦-٤: تـاقیكردنەوەی تـائی (T. Test)** بـۆ دەرخســتنی ڕۆڵـی پرۆسـەی دڵنیایی جۆری لەسـەر هەر تەوەرەیەک لە تەوەرەكانی (فیدباكی خوێندكاران و ئەنجامدانی سیمینار و وۆركشۆپ و هەگبەی مامۆستایان).

$$\text{ت}_{(\text{ن}-١)} = \frac{\bar{\text{س}} - \text{أ}}{\text{ع} / \sqrt{\text{ن}}}$$

## بەشی چوارەم: ئەنجام و شیکردنەوەی توێژینەوە

### ٤-١: ئەنجامی توێژینەوە:

ئەنجامی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

### ٤-١-١: ئەنجامی ئامانجی یەکەم:

سەبارەت بە ئەنجامی ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە: دەرخستنی ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە زانکۆی سلێمانی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-١)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t: test) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی دڵنیایی جۆری پێوەرەکە لای تاکەکانی کۆمەڵگەکە**

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تا | | نمرەی ئازاد | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ٥٠ | ٣,٢٥ | ٠,٥٦ | ٣ | ٣,٢٠ | ٢ | ٤٩ | ٠,٠٢ | ٠,٠٥ |

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە کە لە خشتەی (٤-١) هاتووە ئاماژە بەوە دەدات کە ناوەندی ژمێرەیی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە (٣) تەوەرەکە، بریتییە لە (3,25) نمرە بە لادانی پێوەری (٠,٥٦) نمرە، لەکاتی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ناوندی گریمانەیی پێوەرەکە، کە بریتییە لە (٣) نمرە، تێبینیمان کرد کە ناوەندی ژمێرەیی بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی و لەکاتی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی یەک سامپڵی کە بەهای (تا)ی

هەژمـــارکراو (٣,٢٠) زیـــاترە لە بەهـــای (تـــا)ی خشـــتەیی (2.00) بـــۆ دەرخستنی جیاوازیی نێوان هەردوو ناوەنـدەکە جیاوازیی بەهـای تـائی دەرکەوت پرۆســەکە بە شـێوەیەکی گشـتی ڕۆڵـی هەیە لەســەر کـوالێتیی پرۆســەی خوێنـدن لە زانکـۆی سـلێمانی، چـونکە مامۆسـتایان لە ڕێـگەی ســمینارەکان و هەگـبە و فیـدباکی خوێنـدکاران گرنگـی بە گەشــەپێدانی پرۆسەکە دەدەن لە ڕووی چۆنیەتی و چەندایەتیی پێشکەشکردنی ڕەوتی فێربوون و فێرکردن.

**ئەنجــامی ئامــانجی دووەم**: خســتنەڕووی ئەنجاماکــانی تەوەرەکــان بەپێـی وەڵامـی مامۆسـتایانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە سـەبارەت بە ڕۆڵـی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لەسەر هەریەک لە تەوەرەکان.

تەوەری یەکەم: ئەنجـامی تـوێژینەوەکە بەپێـی وەڵامـی مامۆسـتایانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری تایبەت بە (ئەنجامدانی سیمینارەکان) لەلایەن مامۆستایانەوە.

**خشتەی (٤-٢)**

**ئەنجامی توێژینەوەکە بەپێی وەڵامی مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی و هاوکێشەی ئاماری (t-test) سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بۆ ئەنجامدانی سیمینارەکان**

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تا هەژمارکراو | بەهای تا خشتەیی | نمرەی ئازاد | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠ | ٣,٢٣ | ٠,٥٧ | ٣ | ٢,٨١ | ٢ | ٤٩ | ٠,٠١ | ٠,٠٥ |

بەپێـی ئەنجـامی تـوێژینەوەکە، کە لە خشـتەی (٤-٢) تـایبەت بە ئەنجامـدانی سـیمینار و وۆرکشـۆپەکان ئامـاژە دەدات بەوەی کە ناوەنـدی

ژمێرەیـی تاکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە، بـریتییە لە (3.23) نمـرە بە لادانـی پێـوەری (٠.٥٧) نمـرە، لەکـاتی بەراوردکردنـی ناوەنـدی ژمێرەیـی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ناوندی گریمانەیی پێوەرەکە کە بریتییە لە (٣) نمرە و بەهـای هەژمـارکراو (2.81) بە بەراورد بە بەهـای خشـتەیی (٢,٠٠)، تێبینیمـان کـرد کە ناوەنـدی ژمێرەیـی و هەژمـارکراو بەرزتـرن لە ناوەنـــدی گریمـــانەیی و بەهـــای خشـــتەیی و لەکـــاتی بەکارهێنـــانی تــاقیکردنەوەی تــائیی یەک ســامپڵی بــۆ دەرخســتنی جیــاوازیی نێوانیــان دەرکەوت کە جیــاوازییەکە بەڵگەداریــی ئامــاری هەیە (٠,٠١) بە ئاســتی بەڵـگەداری (٠.٠٥)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەنجامـدانی سـیمینارەکان تـا ئاستێکی باش ڕۆڵیان هەیە لە گەشـەپێدانی پرۆسـەی فێرکـردن لە زانکـۆی سلێمانی.

**تەوەری دووەم:** ئەنجـامی تـوێژینەوەکە بەپێـی وەڵامـی مامۆسـتایانی نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری تـایبەت بە (هەگبەی مامۆستا).

### خشتەی (٤-٣)

### ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی (t: test) لەنێوان ناوەندی نمرەی دڵنیایی جۆری لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە لای نموونەی توێژینەوەکە تایبەت بە هەگبەی مامۆستایان

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تا | | نمرەی ئازاد | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ٥٠ | ٣,١٦ | ٠,٦٠ | ٣ | ١,٩١ | ٢ | ٤٩ | ٠,٠٦ | ٠,٠٥ |

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە کە لە خشـتەی (٤-٣) هـاتووە ئەنجـامەکە ئامـــاژە دەدات بەوەی کە ناوەنـــدی ژمێرەیـــی تاکەکـــانی نمـــوونەی

توێژینەوەکە بریتییە لە (٣.١٦) نمرە بە لادانی پێوەری (٠.٦٠) نمرە لەکاتی بەراوردکردنـی ناوەنـدی ژمێرەیـی تاکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە بە ناوندی گریمانەیی پێوەرەکە کە بریتییە لە (٣) نمرە و بەهـای هەژمـارکراو (١,٩١) بەراورد بە بەهـــای خشـــتەیی دەکـــاتە (2.00) ، ئەمەش ئەوە دەردەخات بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی، بەهای هەژمارکراو نزمترە لە بەهای خشتەیی (٢) واتە بەڵگەداریی ئاماری نییە بە بەهـای بەڵگەداری (0.06) بە ئاســتی (٠.٠٥) بۆمـــان دەرکەوت دروســـتکردنی هەگـــبەی مامۆسـتایانی زانکـۆی سـلێمانی ڕۆڵێکـی ئەوتـۆی نیـیە لە گەشــەپێدانی پرۆسەی فێرکردن بە بڕوای مامۆستایان.

**خشتەی (٤-٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی لە نێوان ناوەندی نمرەی دڵنیایی جۆری لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە تایبەت بە فیدباکی مامۆستایان**

| ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تا | | نمرەی ئازاد | بەهای بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ٥٠ | ٣,٣٨ | ٠,٧٨ | ٣ | ٣,٥٠ | ٢ | ٤٩ | ٠,٠١ | ٠,٠٥ |

بەپێـی ئەنجـامی تـوێژینەوەکە کە لە خشـتەی (٤-٤) هـاتووە ئامـاژە دەدات بەوەی کە ناوەنـدی ژمێرەیـی تاکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە بـــریتییە لە (٣,٣٨) نمـــرە بە لادانـــی پێـــوەری (٠.٧٨) نمـــرە لەکـــاتی بەراوردکردنـی ناوەنـدی ژمێرەیـی تاکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە بە ناونـدی گریمـانەی پێـوەرەکە کە بـریتییە لە (٣) نمـرە، تێبینیمـان کـرد کە ناوەندی ژمێرەیی بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی و بەراوردکردنی بەهـای هەژمـارکراو (٣,٥٠) بەراورد بە بەهـای خشـتەیی دەکـاتە (2.00)، ئەمەش

ئەوە دەردەخات بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی، بەهای هەژمارکراو بەرزترە لە بەهای خشتەیی، جیاوازییەکە بەهای بەڵگەداری هەیە (٠,٠١) بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) بۆمان دەرکەوت ئەنجامدانی پرۆسەی فیدباکی خوێندکاران بۆ مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی پرۆسەی فێرکردن بە بڕوای مامۆستایان.

**٤-١-٢: ئەنجامی ئامانجی سێیەم:**

سەبارەت بە ئەنجامی ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە کە بریتییە لە: زانینی وەڵامەکانی مامۆستایانی زانکۆ لەسەر ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری، بەپێی جیاوازیی ڕەگەز (نێر و مێ) لە خشتەی (٤-٥) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ناوەندی ژمێرەیی بەهای هەژمارکراو دەرکەوتنی جیاوازیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری لای تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداری ئاماری (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| نێر | ٣٧ | ١٣٦,٢٧ | ٢٤,١٠٠ | ٠,٨١ | ٢,٠١ | ٤٨ | بەڵگەداری نیە |
| مێ | ٢٣ | ١٢١,٦٦ | ٢٠,٥٥ | | | | |

ناساندنی جیاوازی ئاستی دڵنیایی جۆری لای مامۆستایانی زانکۆ بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە کە لە خشتەی (٤-٥) هاتووە؛ ئەنجامەکە ئاماژە دەدات بەوەی کە ناوەندی

ژمێــرەی تاکەکــانی نمــوونەی تــوێژینەوەکە (ڕەگەزی نێــر) بــریتییە لە (136.27) نمرە بە لادانـی پێـوەری (٢٤.١٠٠) نمـرە و ناوەنـدی ژمێرەیـی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ڕەگەزی (مێ) بریتییە لە (١٣١.٦٦) نمـرە و ناوەنـدی ژمێـرەی (٢٠.٥٥) نمـرە، بە بەراوردکردنـی ئەم دوو ناوەنـدە بەهای هەژمارکراو و بەهای خشتەیی، دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەی نێر بەرزتــرە لە مــێ، بەڵام بەهــای هەژمــارکراو بــریتییە لە (٠,٨١) نزمتــرە بەراورد بە بەهـای خشـتەیی کە بریتییە لە (2.01) و لەکـاتی تـاقیکردنەوە بۆ جیاوازیی نێوان دوو ناوەندەکە بە بەکارهێنانی تـاقیکردنەوەی تـائی بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ، دەرکەوت کە هیچ ئاماژەیەکی بەڵگەداریی ئامـاری نیـیە، بە ئاســتی بەڵــگەداری (٠.٠٥)، ئەمەش ئەوە دەردەخــات پرۆســەی دڵنیـایی جـۆری بە شـێوەیەکی ئاسـایی مامۆسـتایانی زانکـۆی سـلێمانی لە هەردوو ڕەگەزی نێـر و مـێ وەک یەک ڕۆڵیـان هەبـووە لەسـەریان بەپێـی وەڵامەکانی مامۆستایانی نموونەی توێژینەوەکە.

**٤-٢: دەرئەنجام:**

بەپێی ئەنجـامی تـوێژینەوەکە و شـیکردنەوەی ئەنجامەکـان تـوێژەران بەم دەرئەنجامانە گەیشتن:

٤-٢-١: دەرکەوت پرۆسەی دڵنیـایی جـۆری بە گشـتی ڕۆڵـی ئەرێنیـی هەیە لەســەر مامۆســتایانی زانکــۆی سـلێمانی لە گەشــەپێدانی پرۆســەی خوێندن لەناو زانکۆی سلێمانی.

٤-٢-٢: بەشداریکردنی مامۆستایان لە سمینارەکان تـاڕادەیەک ڕۆڵـی هەیە لەسـەر پرۆسـەی خوێندن بە زیادکردنی زانیاریی گشـتی و بە تـایبەت ئەو ســـیمینارانەی پەیوەنـــدییان بە پســـپۆڕی بەشــــە زانســـتییەکانی مامۆستاکانەوە هەیە.

٤-٢-٣: ئەنجامدانی فیدباکی مامۆستایان ڕۆڵی ئەرێنی و باشی هەیە لەسەر گەشەپێدانی پرۆسەی خوێندن بە بەرزکردنەوەی توانای لێهاتوویی وانەوتنەوە، هەروەها پاڵنەرێکە بۆ مامۆستایان کە بەپێی پلانێکی ورد و بە بەکارهێنانی هۆکارە فێرکارییەکان وانەکە پێشکەشبکەن.

٤-٢-٤: لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت هەڵگەبەی مامۆستایان ڕۆڵێکی ئەوتۆ و کاریگەری نییە لەسەر پرۆسەی خوێندن لە ناو زانکۆی سلێمانی.

٤-٢-٥: تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ بە ڕەگەزی (نێر و مێ) جیاوازیی نییە، سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لەسەر گەشەپێدانی خوێندن لە ناو زانکۆی سلێمانی، دەرئەنجامی توێژینەوەکە بەوە گەیشت کە پرۆسەکە وەکو یەک ڕۆڵی هەیە لەسەر هەردوو ڕەگەزەکە لە گەشەپێدان و بەرەوپێشچوونیان.

## ٤-٣: ڕاسپاردە و پێشنیاز

**لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردە و پێشنیازانە خرانەڕوو:**

٤-٣-١: پێویستە پرۆسەی دڵنیایی جۆری وەک هاندانێک بێت بۆ مامۆستایان بە مەبەستی زیاتر بەرزکردنەوەی کوالێتیی خوێندن.

٤-٣-٢: پاداشت بەکاربهێنرێت بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە پرۆسەکە بە پلەی باڵا سەرکەوتن بەدەستدەهێنن وەک هاندانێک بۆ باشتر کردن و گەشەپێدانی پرۆسەکە.

٤-٣-٣: مامۆستایان ساڵانە ئاگادار بکرێنەوە لە کەمتەرخەمی و خاڵە لاوازەکان بە تایبەت لە دەرئەنجامی فیدباک و ئاراستە بکرێن بەرەو باشتر و دوورکەوتنەوە لە کەمتەرخەمی.

٤-٣-٤: کوالێتیی پێشکەشکردنی سیمینارەکان بەرزبکرێتەوە، لە کاتی گونجـاودا پێشکەشـبکرێت و زیـاتر بابەتەکـان چڕبکـرێنەوە لە پسـپۆڕی مامۆستاکان بۆ زیاتر بەرەوپێشچوونیان.

٤-٣-٥: مامۆسـتایان بە گـرنگەوە لە سـیمینارەکان بـڕوانن تەنهـا بـۆ خاڵ کۆکردنەوە نەبێت.

٤-٣-٦: کـــردنەوەی خـــولی شـــیاندنی هەمەجـــۆر بە مەبەســـتی بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایانی زانکۆ.

٤-٣-٧: پێویسـتە ئەنجامـدانی فیـدباک زانسـتییانەتر و بابەتیـانەتر بـۆ خوێندکاران ڕوونبکرێتەوە، نەک خوێندکار وەک چەکێکی تۆڵەکردنەوە لێی بڕوانێـت، مامۆسـتاش ناچـار نەبێـت هەڵسـوکەوتی خـۆی بگـۆڕی لەپێنـاو دەرچوونی لە فیدباک.

٤-٣-٨: ئەنجامـــدانی تـــوێژینەوەیەکی هاوشـــێوە لەســـەر ئاســـتی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

٤-٣-٩: ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان زانکۆکـانی هەولێر و سلێمانی.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**


- ئـــالانی، عەزیـــز (٢٠١٥). **فەلســـەفەی پەروەردە**، خـــانەی چـــاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چ٢ سلێمانی.

- پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە هەرێمی کوردستان/ **دڵنیایی جۆری فێرکردن**، ٢٠٠٩، Kurdistan geology.co.

- حەمەدەمـین، ڕەمەزان (٢٠١٤). **ڕێگـا و شـێوازە تێـوری و پراکتیکیەکـانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر.

- میران، رشاد (٢٠١٢) گۆڤاری زانکۆ پرێس، **زانکۆ و هـزری ناتونـدوتیژی**، زانکۆی صلاح الدین، ژ١٣ نیسان.

- ڕەسـول، ڕەسـوڵ ابـراهیم (٢٠١٤) **دەروازەیـەک بـۆ وانـەوتنـەوە**، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر.

- عبدالله، زیرەک(٢٠٠٦) **کۆمەڵگە و شێواوی (کۆمەڵە وتـار)**، چاپی یەکەم / کوردستان.

- سیوەیلی، لوقمان (٢٠١٦) **دڵنیایی جۆری پرۆژە یـان پرۆسـە؟** هـاوڵاتی ژ. ٧٥٠.

- قەرەچەتانی، کەریم شـەریف (٢٠١٣) **سایکۆلۆژیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوە**، چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی.

- محمد، فاتیح عبدالله (٢٠١٦) **سەروتار، گۆڤـاری زانسـتە کۆمەڵایەتییەکـان**، زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، ژمارە١.

**سەرچاوەكان بە زمانى عربي:**

- أبو عسكر، محمد فؤاد سعيد (٢٠٠٩) **دور الإدارة المدرسية فى المدارس البنات الثانوية فى مواجهة ظاهرة التسرب الدراسي بمحافظات غزة وسبل تفعليه**، رسالة ماجستر، جامعة الإسلامية غزة، غزة.

- برهمين، أميرة عبدالرحمن (٢٠٠٢) **أساليب قياس الجودة النوعية فى التعليم العالى**، بحث مكمل لدرجة الماجستير.السعوديه.

- البهرزي، علاء شاكر محمود (١٩٨٩) **تحليل التفاعل بين المدرس و طلبتة في مواد العلمية الفنية في قسم تربية الفنية في كلية فنون الجميلة**, جامعة بغداد (رسالة ماجسترغير منشورة).

- البياتى، عبدالجبار توفيق و أثناسيوس، زكريا زكى (١٩٧٧) **الإحصاء الوصفى والإستدلالى فى التربية وعلم النفس**، وزارة التعليم العالى، جامعة المستنصرية.

- الجادرى، عدنان حسين (٢٠٠٧) **الاحصاء الوصفى فى العلوم التربوية**، ط٢ دارالمسيرة للنشر، عمان.

- الجبورى، سعد جويد كاظم (٢٠٠٩) **تقويم اداء هيئة تدريس التاريخ فى ضوء التدريس فعال المدرس مساعد، جامعة كربلا، كلية التربية** ،الرسالة ماجستير غير منشورة.

- جمهورية العراق وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، **دليل ضمان الجودة والإعتماد الآكاديمى الجامعات العراقية**، وفق معاير الإتحاد الجامعات العربية.

- الربيعـــى، محمـــد (٢٠١١) **تطـــوير الجامعـــات يبـــدأ مـــن تطـــوير أساتذتها**، https://www.dw.com/ar

- الربيعي، محمود داود (٢٠١٠) **تقويم كفايات تدريسى كلية التربية جامعة بابل وفق منضور إداره ألجوده من وجهة نضر طلبتهم**، جامعه بابل.

- الشمرى، محمد خزيم ( ٢٠٠٧ ) "**أثر استخدام التعلم المدمج فى تدريس مـادة الجغرافيا على تحصيل طلاب الصف الثالث متوسط و اتجاهـاتهم نحوهـا** ". رسـالة ماجسـتير غيـر منشـورة، عمـان، كليـة الدراسـات العليـا، الجامعة الاردنية.

- الصـبرى، عـزام عبـدالرحمن (٢٠٠٦) **الاحصـاء الوصـفى و تعامـل spss**، دارالكتاب العالمى، عمان.

- عزيز، حاتم جاسم (٢٠١٢) **تقويم اداو اعضاء وهيئة التدريس فى جاميعة من وجهه نظر الطلبة**، مجلة الفتح، العدد الخمسون.

- الغريب، رمزية **(١٩٧٧) التقويم والقيـاس النفسـى والتربـوى**، مكتبـة الآنجلـو المصرية، القاهرة.

- فهمى، محمد سيد (٢٠٠٧) **التأهيل المجتمعى لذوى الاحتياجات الخاصة**، دار الوفاء الدنيا للطباعة والنشر، ط١، مصر.

- مجيد، سوسن شاكر (٢٠١٢) **أفكار لتطوير التعليم العالي في الوطن العربي** www.m.ahewar.org/s.asp?aid=303109

- محمد، داود مـاهير و و محمـد، مجيـد مهـدى (١٩٩١) **اساسـيات فـى طرائق التدريس العامة**، جامعة موصل ،كلية التربية، ط١.

- الهادى، شرف إبراهيم (٢٠١٣) **إدارة تغيير مؤسسات التعليم العالى العربى نحو جوده النوعية وتميز الاداء**، المجله العربية لضمان جودة التعليم الجامعى, العدد ١٣.

- يونس، حمانى و زياد أبو موسى (٢٠٠٩) **إستخدام الإدارة الجودة الشاملة فى تحسين الجودة التعليم العالى**، بحث منشورة.

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

- Asmat, R.Basher, M. (2016) **the Value and Effectiveness of Feedback in Improving Students**' Learning and Professionalizing Teaching in Higher Education University of East Anglia. Vol 6.No 16.

- Ebel, Robert, L. (1972) **Essentials of Educational measurement**, New Jersey, Prenzice- Hall, INC.

- Gibbs and Simpsons. (2016) **teaching and learning feedback**. www.teaching-learning.utas.edu.au › Teaching & Learning › Assessment Tasmania University.

- Matei, L. Iwinska, J. (2016) **quality Assurance in Higher Education**. Central European university a practical handbook. Hungary.

- Pohlenz, P. Seyfried, M. (2018) Assessing quality assurance in higher education: Quality managers' perceptions of effectiveness https://www.tandfonline.com/loi/rehe20.

**ملخص:**


**"دور الضمان الجودة في تنمية عمليـة التعليم فـي جامعـة السليمانية من وجهـة نظر المعلمين"**

يهدف البحث هو تقييم دور عملية ضمان الجودة في تنمية عملية التعليم في جامعة السليمانية من وجهة نظر أساتذ الجامعة، لسنة الدراسية (٢٠١٨-٢٠١٩) حيث إعتمدة الباحثان المنهج الوصفي المسحي حسب طبيعة البحث، في جامعة السليمانية حيث إختار الباحثان العينة العشوائية من كلا الجنسين (ذكر و أُنثى) والذي بلغ عددهم (٥٠) خمسون أستاذاً، و بعد بحث عن المصادر والبحوث المشابه إعتمد الباحثان على آعداد إستمارة إستبيان كإحدى الطرق للحصول على المعلومات حول البحث في (٣) ثلاثة مجالات كالآتي -:الأول: عقد ندوات، الثاني: التغذية العكسية من الأساتذة إلى الطلبة المجال الثالث: الوعي والخلفية الثقافية للأساتذة . مجموع عدد المحاور(٤١) فقرة، بعد أعداد الوسائِل والتأكد من مدى الصحة والخطأ حسب رأي الخبراء والمختصين قام الباحثان بإخراج القيمة الثابتة حسب (علاقة الإرتباط بيرسون) وكانت القيمة (٠٨١)وبعد ذالك قاما بتطبيقها على العينة الأصيله للبحث وبعد تفريغ وتحليل النتائج حسب المعادلة الإحصائية (**T-test**) قاما بتقديم مع النتائج والتوصيات والمقترحات.

**Abstract:**

**"The role of quality assurance in the development of the education process at the University of Sulaymaniyah from the point of view of teachers"**

The purpose of the research is to evaluate the role of the qualitative insurance process in the development of the education process at the University of Sulaymaniyah from the point of view of university professors for the academic year (2018-2019). According to the nature of the research the researchers adopted the descriptive approach, at the University of Sulaimani, where the researchers chose an unintended model for both gender (female and male) which numbered (50) lecturers. After searching for similar researches and sources, the researchers depended a questionnaire form as one of the ways to obtain information about the research in (3) three areas as follows: the first one is: doing seminars

The second one: is feedback from students to teachers

The third one is: cultural background of teachers.

The numbers of axes is 41, after preparing the means and ascertain the extent of true or false according to the opinion of experts and specialists, the researchers extracted the fixed value according to (Pearson) and the value (081) and then applied to the original form of research and after the unloading and analysis of the results according to the statistical equation (T-test) With conclusions, recommendations and proposals.